**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٣٢٤٦ لە ٢٠١٥/٦/١**

**پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-**

**ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**تایبەت بە دیاری کردنی ماف و ئەرکی سەرپەرشتیار**

**( مشرف )ی مزگەوتەکان**

**ماددەی یەکەم:**

سەرپەرشتیار ( مشرف )ی مزگەوت ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردنی مزگەوتێك کە دروستی کردوە لەسەر ئەرکی دارایی خۆی لەسەر زەویەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**ماددەی دووەم:**

ئەرك ومافەکانی سەرپەرشتیار ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: مافەکان:**

١- سەرپەرشتیار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف پێشنیاری ناوێکی گونجاوو شەرعی دەکەن و لە لایەن وەزیری ئەوقاف پەسند دەکرێت .

٢- سەرپەرشتیار مافی بەدواداچون و سەرپەرشتی کردنی پاك و خاوێنی و پاراستنی کەل و پەلی ناو مزگەوت وهۆڵی بۆنە ئایینییەکانی هەیە.

٣- سەرپەرشتیار مافی هەیە ژوورێك لە ناو مزگەوت تەرخان بکات بۆ هەڵسوراندنی ئیش وکاری مزگەوت بەمەرجێك کاریگەری نەبێت لەسەر ژووری پێش نوێژ و وتار خوێن.

٤- دوای ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف ، سەرپەرشتیار مافی ئەوەی هەیە گرێبەست لەگەڵ خزمەت گوزارێك یان زیاتر بکات لەسەر ئەرکی دارایی خۆی بەپێی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کاروباری خزمەت گوزاری مزگەوتەکە یا هۆڵی بۆنە ئایینییەکان .

٥- مافی تنازل کردنی هەیە لە کاری سەرپەرشتیاری بۆ کەسێکی تری شیاو پاش تاقی کردنەوەی لە ئەنجومەنی زانستی و پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری ئەوقاف.

٦- ماف و ئەرکی سەرپەرشتیار دەگوازارێتەوە بۆ میراتگرەکانی بەمەرجێك میراتگرەکە لەلایەن ئەنجومەنی زانستی پەسند بکرێت .

٧- مافی داواکردنی کردنەوەی خولی خوێندن و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆزی هەیە بەمەرجێك گشت پێداویستی و شوێنی هەبێت.

دووەم :ئەرکەکان :

١- دابین کردنی کەل و پەل و پێداویستیەکانی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئاینیەکان و تۆمارکردنی لە پەراوگەی تایبەت .

٢- بە دواداچونی بەردەوام بکات بۆ پاراستن و چاککرنەوەی پێداویستیەکانی مزگەوت لە بواری ئاو و کارەبا و ئاوەرۆ و سوتەمەنی ....هتد.

٣- سەرپەرشتیار لە وەرگرتنی هەر کەل و پەلێك لە خێرخوازان بۆ مزگەوت ، ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووەرەکەی بکاتەوە، بەمەبەستی تۆمارکردنی لە پەراوگەی کەل و پەل (سجل الاثاث)

٤- سەرپەرشتیار پابەند بێت بە فەرمان و رێنمایی تایبەت بە رێکخستنی مزگەوتەکان کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و بەرێوەبەرایەتییەکان دەردەچێت.

٥- سەرپەرشتیار پابەند بێت بەو بریارانەی کە وەزیری ئەوقاف دەریدەکات بۆ گواستنەوە و تەنسیب کردنی پێش نوێژ و ووتارخوێن بۆ مزگەوتەکەی.

٦- سەرپەرشتیار ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی سنوورەکەی یان وەزارەتی ئەوقاف بکاتەوە بەشێوەی نووسین لەهەر گرفتێکی ئیداری یان روودانی کارێکی نەخوازراو بۆ چارەسەرکردنی ، وەنابێت یەك لایەنانە بریاری لەسەر بدات .

٧- نابێت بە بیٚ وەرگرتنی رەزامەندیی بەرێوەبەرایەتی سنوورەکەی و وەزارەتی ئەوقاف بوار بە خێر خوازی تر بدات بۆ نۆژەن کردنەوەی مزگەوت ، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بوو.

ماددەی سێیەم :

١- بەهیچ شێوەیەك نابیٚ پێش نوێژ و وتارخوێن لە لایەن خێرخواز یا سەرپەرشتیارەوە دابنرێت یاخود مەرجی دانانی دابنێت یا پێگیری (إصرار) لە سەر دانانی بکات ، تەنها ئەگەر وەزیری ئەوقاف پەسەندی پێشنیارەکەی کرد.

٢- سەرپەرشتیار مافی پێدان و لێوەرگرتنەوەی خانووی مزگەوت لە پێش نوێژ و وتار خوێنی نییە ، بە بیٚ ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف.

**ماددەی چوارەم:**

١- لە كاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچیەك ، پاش ئاگاداركردنەوەی سەرپەرشتیار لە ماوەی یەك مانگ لە بەرواری ئاگاداركردنەوەی ، سەرپێچیەكە نەهێلێت و بەڵێن بدات لە بەڕێوەبەرایەتیەكانی كاروباری یاسایی سەر بە وەزارەت كە دووبارەی ناكاتەوە.

٢- ئەگەر لە ماوەی دیاری كراوی بڕگەی سەرەوە ، سەرپەرشتیار سەرپێچیەكەی هەڵنەگرت یا (امتناع)ی كرد لە بەڵێندان لە دووبارە نەكردنەوەی ، لەلایەن ئەنجومەنی زانستی یان لە ڕێگەی دادگا مافی سەرپەرشتی كردنی لێدەسەندرێتەوە.

٣- لەكاتی لادانی سەرپەرشتیار ، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنوورەكە ئەم ئەركە لە ئەستۆ دەگرێت تاسەرپەرشتیارێكی تری گونجاو لە لایەن وەزیری ئەوقاف دەست نیشان دەكرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە خێرخواز لە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی بەڵێن بدات كە پابەند بێت بەم ڕێنمایە ، پێش دەرچونی رەزامەندی رێگە پێدانی دروست كردنی مزگەوت یا هۆڵی بۆنە ئاییینەكان.

**ماددەی شەشەم:**

كاربەهیچ رێنماییەكی تر ناكرێت كە پێشتر دەرچوویێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**كمال مسلم سعيد**

**وەزیری ئەوقاف و كارو باری ئاییینی**